توێژەر/ شاگوڵ فاضل عثمان

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی هەڵەبجە

بەشی مێژوو

# ناونیشانی توێژینەوە/ ئەمریکا وەک زلهێزێکی سەدەی بیستەم

جۆری توێژینەوە/ مێژوویی

٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣



## سوپاس و پێزانین

بە پشتیووانی خودای پەروەردگار دوای ئەوەی ئەم توێژینەوەیەم تەواو کرد بە پێویستم زانی سوپاس و ستایشی خۆم ئاڕاستەی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا یارمەتییان دام بە پێدانی زانیاری و سەرچاوەی پێویست بەتایبەت مامۆستایانی بەشی مێژوو و فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێژ و کتێبخانەی ناوەند.

# ناوەرۆک

_ پێشەکی

_بەشی یەکەم

تەوەرەی یەکەم/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتای سەدەی نۆزدە

تەوەرەی دووەم / جەنگی ئیسپانی _ ئەمریکی

تەوەرەی سێیەم/ پلانی ئەمریکا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات

_بەشی دووەم

تەوەرەی یەکەم/ پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی ئەمریکا لە بیستەکاندا

تەوەرەی دووەم/ بەهێزبوونی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم

تەوەرەی سێیەم/ ئەمریکا و جەنگی جیهانی دووەم

تەوەرەی چوارەم/ ئەمریکا و جەنگی سارد

_بەشی سێیەم

تەوەرەی یەکەم/ هۆکارەکانی بەهێزبوونی ئەمریکا _ کشتوکاڵ

تەوەرەی دووەم/ بازرگانی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

تەوەرەی سێیەم/ بەهێزبوونی پیشەسازی و ئابووری

تەوەرەی چوارەم/ کۆنترۆڵی نەوت و وزە

_دەرئەنجام

_لیستی سەرچاوەکان

# پێشەکی

لەم توێژینەوەدا گرنگی دەدەم بە باسکردنی یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی مێژوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا بووەتە جێگای سەرنج و باس لە جیهاندا، ئەویش باسکردنی ئەمریکایە کە چۆن بووەتە زلهێزێک و دەسەڵاتی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندووە .لەم توێژینەوەدا بە چەند تەوەرەیەک باسم لێ کردووە لە بەشی یەکەمدا بەگشتی باسم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدە و یەکێک لەو جەنگانەی کە ئەمریکا لەگەڵ ئیسپانیا ئەنجامی داوە وە باسم لە پلانی ئەمریکا کردووە بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، لە بەشی دووەمدا باسم لە پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی ئەمریکا لە سەدەی بیستەم و بەشداری کردنی لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و جەنگی ساردیدا کردووە، هەروەها لە بەشی سێیەمدا باسم لە گرنگترین ئەو هۆکارانە کردووە کە بوونەتە هۆی بەهێزبوونی ئەمریکا کە لە کشتوکاڵ و بازرگانی دەرەکی و پیشەسازی و ئابووری کۆنترۆڵی نەوت و وزە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە کۆتایشدا ئاماژەم کردووە بە دەرئەنجام و گرنگترین ئەو سەرچاوانەی سوودم لێبینیوە بۆ نووسینی ئەم توێژینەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئەم بابەتە بە ڕێژەیەکی کەم گرنگی پێدراوە لەلایەن توێژەرانی دیکەوە و بەتایبەت بە زمانی کوردی چونکە ئەم بابەتە پێویستی بە قوڵبوونەوە هەیە لە ناوەڕۆک بۆیە بە پێویستم زانی تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتە و ئاشنای بکەم هیوادارم توانیبێتم بە شێوازێکی ئەکادیمی و بەشێکی گرنگی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی بیستەم خستبێتە ڕوو و جێگای ڕەزامەندی خوێنەر و شارەزایان بێت .

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خوێندکار دەتوانیت جگە لەوەی وەک زانیاریەک سوود لە خوێندنەوەی ببینێت هاوکات دەتوانێت وەک سەرچاوەش سوودی لێببینێت و بەکاریبهێنێت وە ئەم توێژینەوەیە خزمەتکردنە بە کتێبخانەی کوردی و بەتایبەت بەشی مێژوو .بێگومان هیچ کارێکی زانستی بێ کێشە و گرفت نابێت لە گرنگترین ئەو گرفتانەی توشی توێژینەوەکە بوو بریتیە لە کێشەی زمانی بیانی و کەمی کات هەروەها ئەو پێرستەی کە دانراوە لە هیچ کتێبێک ئاماژەی پێنەکراوە تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەوە ئاماژەم بەو هۆکارانە کردووە

## ***کلیلی وشه ( کورتکراوەکان )***

هـ.س_ هەمان سەرچاوە

و _وەرگێران

س.پ _سەرچاوەی پێشوو

ل _لاپەڕە

چ _چاپ

ب.ژ.چ_ بێ ژمارەی چاپ

پ.ی _پڕۆفیسۆری یاریدەدەر

ب.س.چ. _ بێ ساڵی چاپ

د _دکتۆر

ژ _ژمارە

س _ ساڵ

کم _ کیلۆمەتر

## بەشی یەکەم

**تەوەرەی یەکەم /** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتای سەدەی نۆزدە

**تەوەرەی دووەم /** جەنگی ئیسپانی _ ئەمریکی

**تەوەرەی سێیەم /** پلانی ئەمریکا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات

## تەوەرەی یەکەم/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە گەشەسەندنێکی گەورە و کاریگەری لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەخۆوە بینی کە دەرهاوێشتەکانیان ڕیشەییانە کاریان کردە سەر ئاڕاستە سیاسییەکان و پەیوەندیە دبلۆماسییەکانی هەموو ئەو پەرەسەندنانەی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ویلیام مەکێنتلی هاتە ئاراوە و ئەمریکای و زلهێزێکی تازە پێگەیشتوو بە وڵاتانی جیهان ناساند. [١]

ئەمریکییەکان بە دەستپێشخەری کارکردن و تەکبیری چاک ناسێنران توانییان لە ماوەی سەدەیەکدا بیابانە فراوانەکان وەرچەرخێنن بۆ دەوڵەتی زەبەلاح کە شانازی بە دانیشتووان و شارستانیەت و سامانەکانیانەوە بکات بزافی کۆچکردن بۆ ئەمریکا تا نیووەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەهێز و بەرفراوان نەبوو ژمارەی کۆچکردوانی ئەورووپای دەورووبەری ساڵی ١٨٥٠ دەگاتە سێ ملیۆن کەس پاشان ئەو ژمارەیە وردەوردە زیادی کرد تاوەکوو ساڵی ١٩٠٥ گەیشتە بیست و سێ ملیۆن کەس ئەمریکییەکان ژیرانە درکیان بە گرنگی هێڵە ئاسنینە گەورەکان کرد بۆیە هێڵی ئاسنینی پاستڤیکیان ڕاکێشا ئەم تۆڕە ئاسنینانە گەورەترین هۆکار بوون بۆ درووستبوونی شار و گوندەکان و ئاوەدانی ناوچە بەپیتەکان .[٢]

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بە دانپێدانانی هەموو جیهان ئەمریکا بوو بە وڵاتێکی زلهێز نەدەبوو هەڵنەسێت بەو ئەرکەی کە ئەو ڕۆڵە دەیخستە سەری بۆیە دەبوو پەیڕەوی سیاسەتێک بکات کە بگەڕێت بەشوێن کاڵاکانیدا و خاڵی جێگیربوون لە دەرەوەی کیشوەرەکە بۆ فراوانبوونی ئابووری لە ئاییندەدا. [٣]

## تەوەرەی دووەم/ جەنگی ئیسپانی _ ئەمریکی١٨٩٨

لەو ساڵەدا ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیەی ئیسپانیا لە ئەمریکا درووستی کرد تەنیا کوبا و پۆرتۆریکۆی بەدەستەوە مایەوە پۆرتۆریکۆش هیچ کێشەیەکی بۆ درووست نەدەکرد چونکە لە مێژ بوو مومارەسەی ئۆتۆنۆمی دەکرد[٤]. ئیستیعماری ئیسپانی ماوەیەکی دوورودرێژ بوو ناوچەگەلێکی زۆری کیشوەری ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی دووری لەژێر دەستدا بوو کوبا و فیلیپین لەو ناوچانە بوون سواوی سیستمی حوکم و پێگەیشتنی ڕۆحیەتی سەربەخۆیی لەنێو دانیشتووانی ئەو دوو وڵاتە بووبوونە هۆی بەرپابوونی شۆڕش و ڕاپەڕین دژ بە دەسەڵاتی ئیستیعماری ئیسپانی کوبا لە ساڵی ١٨٩٥شۆڕشێکی گەورەی دژ بە دەسەڵاتی ئیسپانی بەرپاکرد فیلیپینیش بەهەمان شێوە پەرەسەندنی ئەو ڕووداوانە و زۆر هۆکاری دیکە دواتر بوونە هۆی ئەوەی جەنگی ئیسپانی ئەمریکی لێبکەوێتەوە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی پاڵی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە نا کە بکەوێتە جەنگ دژی ئیسپانیا ئەمانە بوو.

١-نەبڕانەوەی جەنگ و ئاژاوەکان لە کوبا کە نزیکەی ٩٥کم لە سنووری ئەمریکاوە دوور بوو بەتایبەت جەنگی دە ساڵە ١٨٦٧-١٨٧٩ و جەنگی ١٨٩٥-١٨٩٨ واتا بەردەوام بوونی ناسەقامگیری سیاسی بەرقەرار نەبوونی ئاسایش لە نزیک سنوورەکانی ئەمریکا .

٢-ڕۆڵی ڕۆژنامە و چاپکراوەکان لە وروژانی ڕای گشتی ئەمریکی و هاندانی حکومەت بۆ بەرپاکردنی جەنگ دژی ئیسپانیا .

٣-هاوسۆزی ئەمریکی بۆ ئێش و ئازارەکانی کوبا.

٤-ئارەزووی هەندێ لە ئەمریکییەکان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە کوبا کە ئەو وڵاتە بە پیشەسازی قامیشی شەکر بەناوبانگە و هەروەها هەڵکەوتەی ستراتیژی کوبا کە دەسەڵاتی بەسەر دەروازەی دەریای کاریبیدا دەشکێتەوە .

٥-تەقینەوەی کەشتییەکی ئەمریکی بەناوی مەین کە ٢١٠ دەریاوانی تێدابوو لە بەندەری هاڤانا و تۆمەتبارکردنی ئیسپانیا بەو ڕووداوە.

مەکێنتلی لە ١٢ی نیسانی ١٨٩٨ لەژێر فشاری وتارەکانی سیناتۆرەکانی لایەنگری شەڕ و ڕای گشتی جەنگی دژ بە ئیسپانیا ڕاگەیاند ئەو جەنگە هەر لە سەرەتاوە هاوسەنگی هێزەکانی تێدا دەرکەوت بۆیە خێرا و بەماوەیەکی کورت کۆتایی هات بەرەکانی جەنگ بریتیی بوون لە دووبەرەی سەرەکی ئەوانیش کوبا و فلیپین کەشتیگەلی ئەمریکی لە کوبا توانی سەرکەوتنی گەورە لە سانتیاگۆ بەدەست بهێنێت و کوبا بخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە هەرچی بەرەی فیلیپینیش بوو ڕووبەڕووی سەرەکی لە ماتیلا بوو هێزە دەریاییەکانی ئەمریکی بە ماوەیەکی کەم گەلەکەشتی ئیسپانیا تێکبشکێنن و ئەو وڵاتە داگیربکەن.

ئەم جەنگە نزیکەی سەد ڕۆژی خایاند لەکۆتاییدا بە پەیماننامەی پاریس لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٨٩٨ کۆتایی پێهات لەو ئاکامەدا ناوچەکانی کوپا و فلیپین و پورتۆریکۆ و دورگەکانی گیوام و وەیک کە لە زەریای هێمن بوونە ناوچەی دەسەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان[٥].

## تەوەرەی سێیەم/ پلانی ئەمریکا بۆ دەستگرتن بە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی زۆری هەیە و هەموو دەوڵەتەکانی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و گرنگی خۆیان هەیە هێزەکانی جا ئەوەی لە ناوخۆدا درووست بووە یان لە دەرەوەی ناوچەکە هەوڵیان داوە دەسەلاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن .بەریتانیا پێش جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باڵادەست بوو بەڵام لە دوای جەنگ گۆڕانکاری زۆر هاتە ئاراوە ناوچەکانی فارس و وڵاتی ئێران لەبەر هۆکاری ستراتیژی و سامانی نەوت و کانزا ڕووبەڕووی چاوتێبڕینی یەکێتی سۆڤیەت بووەوە بەڵام ئەمریکا لەو کاتەدا جێگای بەریتانیای گرتەوە بۆیە ڕێگەی لە هەوڵە فراوانخوازییەکانی سۆڤیەت گرت.[٦]

هەندێ کەس بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە بۆرسەی نەوتی ئێرانی هۆکاری بەریەککەوتن و هەڵگیرسانی شەڕە لەنێوان هەردوولا کە ئەمریکا بە بیانوی لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی ئێران هەنگاوی بۆدەنێت .ئەم تیۆرەی کە لە بەرنامەی دەوڵەتی ئێراندایە بۆ بەرێخستنی بۆرسەی نەوت هۆکارێکی شاراوەی ئەو جەنگەی زلهێزانی ئەنگلۆئەمریکیە بۆ شەڕی دژی ئێران دێتە ئەژمار[٧].

سەرەتای پلانەکانی ئەمریکا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لەو کاتەوە دەست پێدەکات کەپێیوابوو میسر دەرگایەکە کە دەتوانێت لەوێوە هەموو ئامانجەکانی بهێنێتە دی دوای پێشکەشکردنی چەن خزمەتێک لە ساڵی١٨٩٩ یەکەم کونسوڵخانەی ئەمریکی بە شێوەیەکی فەرمی بە مەبەستی فراوانکردنی چالاکییەکان لە ساڵی١٨٣٢ لە میسر کرایەوە.[٨]

یەکێکی تر لەو وڵاتانەی کە ئەمریکا بەچاوی پڕبایەخەوە سەیری دەکرد بریتیی بوو لە وڵاتی چین کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەهۆی لاوازی دەسەلاتە ئیمپراتۆریەکەی بووبووە مەیدانی کێبڕکێی دەوڵەتانی ئەوروپی .ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ویستی لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ شوێن پێی خۆی لەناوچەکەدا بکاتەوە ئەم سیاسەتە بەناوی سیاسەتی دەروازەی واڵا ناوبانگی دەرکرد و داوای دەرفەتی یەکسانی دەکرد بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیان لە وڵاتی چیندا هەبوو بەتایبەت دوای جەنگی ساڵی ١٨٩٨ لە نێوان ژاپۆن و چین .

سەرکەوتنەکانی ژاپۆن کە ئەمریکا دەستپێشخەرییەکی تری کرد ئەوەبوو لە ئەیلولی ساڵی ١٨٩٩ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن های یاداشتێکی ئاراستەی ئەو دەوڵەتانە کرد کە بەرژەوەندیان لە چیندایە لە ئەنجامدا هەموویان لەسەر بنەمای دەروازەی واڵا رێکەوتن بەواتای ئەوەی هەموو ئەو دەوڵەتانە دەرفەتی هاوتایان هەبێ لە بواری چالاکی بازرگانی و رێژەی باجی گومرگی بەندەرەکان و کرێی هێڵەکانی شەمەندەفەر لە هەموو ئەو ناوچانەی کە ئەم دەوڵەتانە هەژموونیان تێدا هەیە .

لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە گۆڕانکاری بەرچاو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕوویدا ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبوو یەکێک لە هۆکارەکان پەرەسەندنی پیشەسازی بوو لە ئەمریکا بووە هۆی ئەوەی کە بەدوای بازاڕدا بگەڕێت بۆ ساغکردنەوەی کاڵا پیشەسازییەکانی و هەروەها کەرەستەی خاویش بۆ کارگەکانی.[٩]

## *پەراوێزەکانی بەشی یەکەم*

١/دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ولیام مەکێنتلی، گۆڤاری مێژوو، ژ. ١٧، س. پێنجەم، ٢٠١١ ، ل.١٠٩ .

٢/محەمەد سەبری: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گۆڤاری مێژوو، و. دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، ژ.٢٤، س.شەشەم، ٢٠١٢ ، ل .٢٨٧-٢٨٨ .

٣/هیوا حەمید شەریف: پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و میسر١٩٥٢-١٩٥٦ ، ژ .٢٠، س .پێنجەم، ٢٠١١، ل. ٣٢ .

٤/عەبدولمەجید نەعنەعی: مێژووی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێرانی مستەفا سەعید عەلی، ب.ژ.چ، ٢٠١٢ ،چوارچرا، ل .١٤٦ .

٥/دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان: گۆڤاری مێژوو، ژ .١٧، س.پ، ل .١١٨-١١٩-١٢٠ .

٦/پ.ی.د ئاراس فەریق: مێژووی ئەمریکا، چاپی سێیەم، ٢٠١٩، چاپخانەی تاران، ل .٤٢٥ .

٧/فضل الله قورەیشی: مێژووی ئەمریکا، و .عەلی حاجی زەڵمی، ب.ژ.چ، ب.س.چ،  ل .٢٥١ .

٨/شـــاكر ڕەزا: دزەكردنی  دەســـەڵاتی زلهێزەكان بۆ كوردســـتانی عوســـمانی لە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەیەم، گۆڤاری مێژوو، ژ .٢١، س.پ ، ل .٣١-٣٢ .

٩/پ .سەعدی عوسمان:  مێژووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا،  چ١، ٢٠١٩،   چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر،  ل.١٩٠-١٩١ .

## بەشی دووەم

***تەوەرەی یەکەم/*** *پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی ئەمریکا لە بیستەکاندا*

***تەوەرەی دووەم/*** *بەهێزبوونی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم*

***تەوەرەی سێیەم/*** *ئەمریکا و جەنگی جیهانی دووەم*

***تەوەرەی چوارەم/*** *ئەمریکا و جەنگی سارد*

## تەوەرەی یەکەم/ پەرەسەندنە ناوخۆییەکانی ئەمریکا لە بیستەکاندا

سەرەڕای هەموو ئەو پەرەسەندنانەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا بەدەستهاتبوون، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا باری کۆمەڵایەتیی و ئابووریی و هەروەها سیاسیش بە دڵی بیرمەندانی ئەمریکا نەبوو چونکە هەژموون و دەسەڵاتی کۆمپانیا قۆرخکارییەکان بەتەواوی ڕیشەی داکوتابوو، هەروەها جڵەوی حکومڕانی خۆجێیی و شارەوانییەکان کەوتبووە دەست سیاسەتمەدارانی بەرتیلخۆر و گەندەڵ[١٠] .

لە بەرەبەیانی سەدەی بیستەم دەسەڵاتی ئابووری جیهان لەژێر دەسەڵاتی خۆراوادا بوو لە ساڵی ١٩٠٠ بەهۆی تەشەنەکردنی خێرای شۆڕشی پیشەسازی لەگەڵ پەرەسەندنەکانی بواری هاتوچۆکردن و پەیوەندی بەستندا ئابوورییەکی جیهانیان هێنایە ئاراوە کە دڵی ئەم ئابوورییە جیهانییە کەوتبووە ئەورووپای خۆراوا بەتایبەتیش بەریتانیای مەزن و ئەڵمانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان .سەدەی بیستەم چووە پێش و دیمەنی نێودەوڵەتی درێژەی کێشا کە مەیدانی سەرەکی گوزارشتکردن بێت لە ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزم و میلیتاریزم .زۆر لە زلهێزەکان ئیمپریالیزمیان پیشاندا بەوەی کە دەوڵەتە بەهێزەکان حوکمی خۆیان بەسەر نەتەوە بێهێزەکاندا سەپاند، بۆ نموونە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی نارەسمی ژمارەیەک لە نەتەوە کاریبیەکانی خستە ژێر ڕکێفی خۆی[١١] .ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەی کە کاریان لە بونیادی کۆمەڵگەی ئەمریکیدا دەکرد هۆکارێک بوو بۆ بەهێزبوونی بزاڤی ئافرەتان لەم ماوەیەدا لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی و گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی دوای جەنگی ناوخۆ ڕێژەی کرێکارانی ئافرەت بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد[١٢] .

## تەوەرەی دووەم/ بەهێزبوونی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی یەکەم

جەنگی جیهانی یەکەم لە هاوینی سـالّی ١٩١٤ لە نێوان هەردوو بەرەی ناوەند کە ئەڵمانیا و ئیمپراتۆری نەمسا و مەجەڕ و دەوڵەتی عوسمانی هەروەها، بەرەی هاوپەیمانان کە بەریتانیا و فەڕەنسا و بەلجیکا و ئیتاڵیا و ژاپۆن و ڕووسیای قەیسەری دەستپێکرد .دواتر لە ساڵی ١٩١٧ بەهۆی هەڵگیرسـانی شـۆڕشـی ئۆکتۆبەرەوە ڕووسـیای قەیسـەری کشـایەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگای گرتەوە[١٣] .لە ساڵی ١٩١٧ ئەمریکا هاتە ناو جەنگەوە دژ بە ئەڵمان بەرلەوەی ئەمریکا بە ڕاستەوخۆ بێتە ناو جەنگەوە کە خوازیاری سەرکەوتنی بەریتانیا و فەڕەنسا بوو پێویستی خۆراک و پۆڵا و گوللـەی پێ دەفرۆشت[١٤] .بێگومان ڕاگەیاندنی هاتنی ئەمریکا بۆ ناو جەنگ لە ئەپرێلی ١٩١٧ هیوای هاوپەیمانانی بە سەرکەوتن بەهێزکرد، بەڵام کاریگەری ئەمە پێویسـتی بە ماوەیەکی یەک سـاڵە هەبوو چونکە ئەمریکا خاوەنی هیچ سـوپایەک نەبوو بۆیە دەبوایە پێکیبهێنێت و ڕەوانەی جەنگی بکات .یەکەم یەکە نیزامیەکانی ئەمریکـا لە پـایزی ١٩١٧ هـاتە ئەوروپـا و کـاریگەرییەکـانی لە هـاوینی سـاڵی ١٩١٨ دەستپێکرد[١٥].

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی شـەڕی یەکەمی جیهانیدا دەسـکەوتی زۆری هەبوو لەکاتێکدا زیانەکانی شـەڕەکە گەیشـتە ٣٣٨ ملیار دۆلار قازانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەمان ماوەدا گەیشـتە ٢٦ ملیار دۆلار بێجگە لە ١٤ ملیار دۆلاری دیکە لە کۆی ئەو پارەیە بوو کە بە قەرز دابوویـان بە وڵاتـان کە قازانجەکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاربوو[١٦] . ئەمریکا ئەو وڵاتە سـەرکەوتووەی جەنگ بوو کە زیانی زۆر لە وڵاتانی تری بەشـداربووی جەنگ کەمتر بوو لە ڕووی ماددیشـەوە ئەمریکا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی قازانجێکی زۆری کرد، چونکە بەهۆی جەنگەوە ئەمریکا بوو بە بازاڕی کەرەسـتە جەنگییەکانی هاوپەیمانان و شوێنی پیشەسازی قورسی زۆر پێشکەوت بە جۆرێک شاری نیویۆرک توانی شوێنی لەندەن بگرێتەوە وەک ناوەندی دارایی جیهان دۆلاری ئەمریکیش شـوێنی بە جونەیهی ئیسـتەرلینی لەقکرد[١٧].

## تەوەرەی سێیەم/ ئەمریکا و جەنگی جیهانی دووەم

ئەگەرچی ئەمریکا لە کاتی دەستپێکردنی جەنگدا سیاسەتی گۆشەگیری پەیڕەو دەکرد و بڕیاری بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە سەرەتاوە ئەمریکییەکان لە بەرەی ئەڵمانیا دڵنیا نەبوون .بەڵام لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕدا لەسەرەتادا ئەمریکا بەبێ جیاوازی ئابلۆقەی هەناردەی چەکی خستەسەر هەردوو لایەنی شەڕکەر گەرچی هەر لەسەرەتاوە ڕۆزڤێڵد مەیلێکی زۆری بەلای هاوپەیماناندا هەبوو بۆیە ناوەناوە بۆ گۆڕینی یاسای بێلایەنی هەوڵیدەدا بەجۆرێک کە ڕێگە بدات بە ناردنی چەک و زەخیرەی سەربازی بەتایبەت بە هاوپەیمانان .ئەوەبوو لە ٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٩ کۆنگرێس ئەم داواکاریەی ڕۆزڤێڵدی پەسەند کرد و بەپێی ئەمەش ئەمریکا کەرەستە جەنگییەکانی بە بەریتانیا و فەڕەنسا دەفرۆشت بەو مەرجەی پارەکەی بە نەخت بێت و بە کەشتی ئەمریکیش نەگوازرێتەوە، ئەوەی وایکرد ئەمریکا بچێتە جەنگەوە دوژمنەکانی بەریتانیا بوو وە هۆکاری سەرەکی چوونە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناو جەنگ ئەمانە بوو:

١/ئەمریکا لەوە دەترسا کە ئەڵمانیا دەست بەسەر هەموو ئەوروپادا بگرێت

٢/ئەمریکا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بەریتانیا هێڵی بەرگری یەکەمە بۆی[18] .لە ئەمریکا جەنگ نەبووە مایەی نەهامەتی و بێبەشبوون بەڵکوو بووە هۆی زیاتر بوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لەنێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٥ ئەمەش ئابوورییەکی پڕ بەرهەمی هێنایە کایەوە و بەتەواوی بێکاری لەناوبرد کە دەمێک بوو تاڵی و بێکاری و نەهامەتی باڵی بەسەر هاوڵاتیانی ئەمریکادا کێشابوو .هەلی کارکردن بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە لە ساڵانی جەنگ ئەمریکییەکان لەناو بەرەی ناوخۆییدا خۆیان بەجۆرێک بینیەوە کە دەتوانن بە ئاسانی کار بدۆزنەوە و کەلوپەلی ڕۆژانەیان بکڕن و دابینی بکەن .بەڕێوبەری نووسینگەی کاروباری جەنگ لەوبارەیەوە دەڵێت:

گەلی ئەمریکا کەوتونەتە ناو کێشمەکێشمێکی سوودبەخشەوە کەوایکردووە فێربێت چۆن خۆی لە ئاستی سەرووی پەنجا لەسەددا بژیەنێت بە بەراورد بە ژیانی پێشووتری .لە مارسی ساڵی ١٩٤٥ سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکی هاری ئــیس ترومان باسی لە واقیعێکی ڕوون و ئاشــکرا کرد کاتێک وتی ئێرە نەک تەنیا وەک بەهێزترین نەتەوە لەو جەنگە هاتینە دەر، بەڵکوو بووین بە بەهێزترین نەتەوە بەدرێژایی مێژوو، هەروەها لە کۆنگرەی ودز دا کە لە دواســاتەکانی ســاڵی ١٩٤٤ بەســترا ئەمریکا بەکۆدەنگی پشــتیووانی لەســەر ئەو بنەمایانە وەرگرت[١٩].

ســەرکردەکانی ئەمریکا لە هەلێک دەگەڕان تا هەژموونی وڵاتەکەیان بەســەر ســیاســەتی نێودەوڵەتیدا بســەپێنن ئەم هەلەشــیان بە هەڵگیرســانی هەردوو جەنگی جیهانی بۆ ڕەخســا و توانییــان لە هەردوو جەنگەکەدا ڕۆڵی ســــەرەکی ببینن لە یەکلایی کردنەوەی ئەنجــامی جەنگەکــان لە بەرژەوەنــدی خۆیــان و هــاوپەیمــانەکــانیــان .لێرەوە ئەمریکییەکــان توانییــان هەژموونی خۆیان بەســەر جیهاندا بســەپێنن بەشــێوەک ئەمڕۆ ئەمریکا بووە بەو زلـهێزەی کە دەیویست لەڕێی هێزی سەربازی و سیاسی و ئابووری و تەکنەلۆژیاوە دەسەڵات و سیستمی جیهانگەرایی خۆی بەسەر جیهاندا پیادە و پراکتیک بکات[٢٠].

## تەوەرەی چوارەم/ ئەمریکا و جەنگی سارد

ڕەگ و ڕیشەی ڕاستەوخۆی سەرهەڵدانی جەنگی سارد دەگەڕێتەوە بۆ دابڕینی دوو جیهانی ماندوو بەهۆی ململانێیەکی جیهانی و کاولکاری و دیدی پێچەوانە بۆ سیستمی نێودەوڵەتی کە هەریەک لە ئەمریکا و سۆڤیەت دەیانویست بەسەر ئەو جیهانە شێواو و پارچەپارچە بووەی دوای جەنگدا بسەپێنن[21] .جەنگی سارد بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێ ١٩٤٥-١٩٥٣ و ١٩٥٣-١٩٧٠ و ١٩٧٠-١٩٩١ دوو وڵاتی شەڕکەری ئەم جەنگە بریتیی بوو لە یەکێتی سۆسیالیستی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە زۆربەی خەڵک پێیان دەڵێت ڕووسیا و ئەمریکا هەرکام لەم دوو وڵاتەش هاوپەیمانی تایبەت بەخۆیان هەبوو .زۆربەی وڵاتانی جیهان هەوڵیاندا خۆیان بەدوور بگرن بەڵام بۆ هیچ وڵاتێک نەلوا کە خۆی لە کاریگەرییەکانی بپارێزێ .جەنگی سارد هۆکاری زۆری هەبوو بەڵام ئەگەر وا بڕیاربێت کە تەنیا یەکێکیان هەڵبژێرێت ئەوا دەتوانین بڵێین هۆکاری ترس بوو کە ڕووسیا لە ئەمریکا دەترسا و ئەمریکاش لە ڕووسیا دەترسا ڕەوشی بەڕێوبردنی وڵاتی ڕووسیا جیاواز بوو لەگەڵ ئەمریکا و هەرکام لەوان دەترسان کە ئەوی دی شێوازی ژیان لە وڵاتەکەی لەناوبەرێت دەتوانین بڵێین شەڕی سارد ڕێبازێکی دووژمنکارانە بوو کە ئیمپریالیستەکان گرتیانەبەر لەپێش هەموویان ئەمریکا، بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی لە بەرانبەر یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا.

لە تایبەتمەندیەکانی ئەم جەنگە پێشبڕکێی خۆپڕچەک کردن بەتایبەتی چەکی ناوەکی و دامەزراندنی بنکەی سەربازی بە دەوری یەکێتی سۆڤیەتدا و بەگەڕخستنی هێز لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگای دانوستانەوە[22] .بەهۆی لاوازی یەکێتی سۆڤیەت و جیابوونەوەی پارچەکانی و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی فەرمی لە ٢٦-١٢-١٩٩١ یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە بۆ ١٥ کۆماری جیا و دوابەدوای نەمانی یەکێتی سۆڤیەت جەنگی سارد بەکۆتا گەیشت[23] .لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین بەدرێژایی سەدەی بیستەم هەردوو دەوڵەتی ڕووسیا و ئەمریکا پەیوەندیەکی ئاڵۆز و دژبەیەک لەنێوانیاندا هەبوو[24].

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١٠/پ.سەعدی عوسمان :مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان، س.پ، ل.٢٩٨

١١/ و. لە ئینگلیزیەوە سروود قادر: گۆڤاری مێژوو، ، ژ.١٢ ، ٢٠٠٩، ل.١٦٣-١٧٦

١٢/پ.سەعدی عوسمان :س.پ، ل.٢٦٤

١٣/د.ئاراس فەریق :س.پ، ل.٢٦٨

١٤/داڤید کیڵینگرەی :دوو جەنگی جیهانی، و .ئاگری ئەفشین، ل .٨

١٥/ئەحمەد نەقیب مێژووی دبلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان :و.مستەفا مەعروف، چ١، ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی، دهۆک، ل.٢٠٣

١٦/د.عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی :مێژووی ئەمریکا، و .محەمەد عەبدوڵا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل.٢١٤

١٧/سامان حسێن :زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی تا کۆتایی تا کۆتایی جەنگی سارد، چ١، ٢٠١٢، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ل.٨١

١٨/سامان حسێن :هـ.س، ل.١٥٢-١٥٥

١٩/ڕۆبەرت جەی مەکمان :جەنگی سارد، و .شاناز ڕەمزی، ٢٠١٧، ل.٢٠-٢٦

٢٠/د.ئاراس فەریق :مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چ٢، ٢٠١١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ل.١١

٢١/ڕۆبەرت جەی مەکمان :س.پ، ل.١٨

٢٢/https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%DB%95%DA%95%DB%8C_%D8%B3%
D8%A7%D8%B1%D8%AF

٢٣/محەمەد ڕزگار :ســـایتی زانیاری، جەنگی ســـارد، ١٧/٧/٢٠٢١_ ٢٨/١٢/٢٠٢١، کۆدی بابەت ١٤٦٧
https://zaniary.com/blog/6009dbacdfa3a/%D8%AC%DB%95%D9%86%DA%AF%D
B%8C-%D8%B3%D8%A7%D8%B1%D8%AF

٢٤/د.ئاراس فەریق :مێژووی ئەمریکا، س.پ، ل.٤٢٩

## بەشی سێیەم

**تەوەرەی یەکەم/** هۆکارەکانی بەهێزبوونی ئەمریکا _ کشتوکاڵ

**تەوەرەی دووەم/** بازرگانی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**تەوەرەی سێیەم/** بەهێزبوونی پیشەسازی و ئابووری

**تەوەرەی چوارەم/** کۆنترۆڵی نەوت و وزە

## تەوەرەی یەکەم/ هۆکارەکانی بەهێزبـونی ئـەمریـکا_ کشتوکاڵ

سەرەڕای بوونی بازرگانییەکی چالاک و هەندێ لە پیشەسازی پێشکەوتوو لە باکوردا بەڵام تا نیوەی سـەدەی نۆزدەیەم کشـتوکاڵ ئەو بنەمایە بوو کە ئابووری وڵاتی لەسـەر دەوەسـتا و دەسـەڵاتـدارانی حکومەتیش گرنگی زۆریـان پێـدەدا ئەو گرنگی دانەش لە کـارکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەشـتاییەکانی ڕۆژاوا و سـوود وەرگرتن لەو زەویانەی کە دوای جەنگ لەگەڵ مەکسیکدا هاتنە یەکێتیەوە بەدیارکەوت لەگەڵ ئەوانەی کە هیی هیندیەکانیش بوو .

وردەوردە دەسـتی بەسـەردا دەگیرا لەگەڵ پانوپۆڕبوون لە ڕۆژاوا وڵاغ و مەڕوماڵاتیش بەخێرایی لەو ناوچانە بڵاودەبوونەوە کە شـوێنی شـیاو بوو بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات بەتایبەت لە حەوزی مەیزوری و کانساسپ و نیراسکا و کۆلۆرادۆ، ئەوەی زیاتر گەشـەی بە کشتوکاڵ دا و پێشیخست ئەوەبوو مرۆڤی ئەمریکی دەیزانی زانست و تەکنەلۆژیا چۆن دەخاتە خزمەتی کشتوکاڵییەوە و لەزۆر کردارە کشتوکاڵییەکاندا ئامێرە میکانیکییەکان جێگای مرۆڤی دەگرتەوە .هێشتا سەدەی نۆزدەیەم بەکۆتا نەگەیشتبوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە یەکێک لە گەورە وڵاتانی کشتوکاڵی جیهان یەکەم بوو لە بەرهەمهێنانی گەنم و لۆکە و توتن و گەنمەشامی و دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهانیش بوو لە مەڕوماڵات و گۆشتدا[٢٥].

## تەوەرەی دووەم/ بازرگانی دەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکان

بەگوێرەی دیدی ئەمریکییەکان جیهانێکی گەشەسەندووتر و ئارامتر دێتەکایەوە، بێگومان جیهانێکی گەشەسەندووش سەقامگیری و ئاشتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت .بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە درێژایی ساڵانی جەنگ هەموو ئەنجومەنە دبلۆماسیەکانی خستەکار بۆ ئەوەی فشار درووست بکەن لە پێناو دامەزراندنی سیستمێکی ئابووری فرەلایەن و تۆکمە بۆ بازرگانی ئازاد و هەلی وەبەرهێنانێکی دادپەروەرانە بۆ هەموو وڵاتێک و جێگیرکردنی نرخی دراوەکان و ئاڵوگۆڕی تەواوی دراوەکان[٢٦].

ئەوروپا تا ساڵی ١٩١٤ پێگەی یەکەمی گرتبووەوە لە گۆڕەپانی بازرگانی دەرەکی جیهانیدا، بەڵام هەردوو جەنگی جیهانی وایکرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان ببێتە پلەی یەکەم لەم بوارەدا[٢٧] . لەبواری بازرگانیدا ملیاران پشکی بڵاوکرانەوە قازانجی ئەم پشکانە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو بۆیە هەزاران کەس ڕوویان لە بازاڕەکانی بۆرسە کرد و دەستیان بە سەوداگەری کرد لەبواری کڕین و فرۆشتنی پشکەکاندا .تەنانەت هەندێ لە فەرمانبەرە حکومییەکان کارەکانی خۆیان بەجێهێشت و دەستیان بەم کارەکرد هەموو خەڵک دەستیان بەکڕین و فرۆشتن کردبوو هەمووشیان قازانجیان دەکرد ئەم پەرەسەندنە ئابوورییە خەڵکێکی زۆری هاندەدا بۆ ئەوەی کاروباری خۆیان لەسەر بنەمای داهاتوویان بنیادبنێن نەک لەسەر بنەمای ئەو توانا ئابوورییەی کە لە واقیعدا هەیانبوو بۆیە دەستیان کرد بە قەرز وەرگرتن و ترسیان لە دانەوەی قەرزەکە نەبوو چونکە، دەیانزانی کە داهاتەکانیان هەمیشە لە هەڵکشاندایە[٢٨]

## تەوەرەی سێیەم/ بەهێزی پیشەسازی و ئابووری

ئەمریکا پاش شـــەڕی ناوخۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا .لەماوەی پشێوی شەڕی ناوخۆ و سـەرەتای سـەدەی بیستەم سـەرمایەداری پیشـەسـازی گۆڕانکاری بەســەردا هات و کۆمەڵگەی نوێی ئەمریکا هاتە دامەزراندن .گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەش درووستکردنی کارگە ناوخۆییەکان و کۆمپانیا پشکدارەکان بووکە لە سـەرمایەیەکی زۆرەوە وردەوردە بازرگانییە ناوخۆییەکان و سـەرمایە گچکەکانیان لەنێو خۆیاندا توانەوە[٢٩] .بەگشـتی دامەزراوە بازرگانی و پیشـەسـازییەکان بەهۆی پشـتیووانی بانکەکانەوە کە قەرزی ئاسـانیان دەبەخشــی پەرەیان ســەند .ســەرباری ئەمە کارگێڕی نوێی کارەکان و بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی نویَ ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەو پێش چوونی پیشـەسـازی لەئەنجامدا بەرهەمهێنانی کاڵاکان بەڕێژەی ٪٥٠ زیادی کرد[٣٠] .

هەروەها پیشــەســازییەکانی ئەمریکا چالاک بوو بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان بووە یەکەم وڵای پیشەسازی لە جیهاندا ئەمەش لەئەنجامی بوونی سامانە کانزاییەکانی وەک خەڵوزی بەردین و ئاسن و مس، هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان بە پیشـەسـازی چنینیش بەناوبانگ بوو کە توانی ڕکابەری ئنگلتەرا بکات لە پیشــەســازییە پەمۆییەکان .ئەوەش یارمەتیدەری هاتنە ئارای ئەم بزاوتە پیشەسازییە زەبەلاحە بوو بــووە سەرمایەیەکی گەورە، وڵاتە یەکگرتووەکان بە سامانە زەبەلاحەکەی دانیشـتووانەکەی و پیشــەســازییەکەی و بازرگانییەکەی کە وەسـفکردنیان لە سنووربەدەرە چووە ڕیزی زلهێزەکان[٣١].

پیشــەســازی لە نیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدە پێشــکەوتنێکی ســەیری بەخۆوە بینی ڕەنگە هۆیەکەی دۆزینەوەی ســـەرچاوەی دەوڵەمەند و جۆراوجۆری کەرەســـتەی خاوبێت لەگەڵ پێشــکەوتنی کاری گەڕان و پشــکنین .دەرکەوت ڕێژەیەکی زۆر لە مس و جیوە و گۆگرد و قوڕقوشم و زێڕ و زیو لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیە هەروەها سوود لەوانەش وەرگیرا بۆ گەشــەکردن و پێشــخســتنی پیشــەســازی لەگەڵ قۆناغی گەڕان و دۆزینەوەی ســەرمایە کانزاییەکانی وڵات و ســوود لێوەرگرتنیان قۆناغی پێشــکەوتنی زانســتی و تەکنەلۆجییەکی گەورەش هات کە سوودی لێوەرگیرا بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی و باشکردنی[٣٢] .

بەپێی بیرکردنەوەی ئەمریکییەکان ڕەهەندە ســەربازیە ســتراتیژیەکانی ســیســتمی جیهانی بەشێوەیەکی پتەو بەندبوو بە ڕەهەندە ئابوورییەکانی بۆیە ئەمریکییەکان دەیانویست سیستمێکی ئابووری نێودەوڵەتی ئازادتر و کراوەتر بهێننە ئاراوە کە زۆر جیاوازتر بێت لەو ســیســتمە جیهانییەی دەیانویست لەسەر پاشماوەی ترسناکترین ململانێی لە مێژوودا بنیادی بنێن[٣٣]

## تەوەرەی چوارەم/ کۆنترۆڵی نەوت و وزە

وڵاتە یەکگرتووەکـان پێگەی یەکەمی هەیە لەبواری کـارەبـادا بەرهەمی ئەمریکـا نزیکەی ٢١١٤ ملیار کیلۆ واتە کە نێردەیە لە سـاڵی ١٩٧٦دا .هیچ پیشـەسـازییەک نیە بەقەد کارەبا بەکاربەری زۆربێت، وڵاتە یەکگرتووەکان لە چیاکانی ئەپالاشـدا و چیای ڕۆژاوادا خاوەنی ئیحتیادێکی گەورەیە لە خەڵوزی سپی کە بەکاردێت تەنیا بەشێکی کەمی نەبێت .سەبارەت بە نەوتیش بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢٠ سـاڵە بەرهەمی نەوت بەرەو کشـان و قوڵایی دەڕوات لە باشـووری ڕۆژاوادا بەرهەمی گشـتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ٪٣٠ بەرهەمی جیهان پێکدەهێنێ کە دەکاتە ٤٦٦ ملیۆن تەن کە بە پایەی دووەم دێت لە دوای ڕووسیا لەم بوارەدا.

هەتا ساڵی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕووی پترۆڵەوە بەش بەحاڵی خۆی هەبوو، لەدوای ئەو مێژووەوە دەرکەوتەکانی گۆڕان سـەریهەڵدا و وایلێهات بەرهەم هێنانی ناوخۆی بەشـی بەکاربردنی ناوخۆی نەکات خاڵی لاوازی ئەمریکا ئەوەیە کە پترۆڵەکەی ڕێژەکەی لە ٢١ملیار بەرمیل تێناپەڕێ لە کاتێکدا بەکاربردنی ڕۆژانە دەگاتە ١٧ملیۆن بەرمیل واتە بەشـی چوارسـاڵ دەکات ئەمە ئەگەر هاوردە نەبێت و تەنیا پشـت بە بەرهەمی خۆی ببەستێت .ئەمەیە کە وای لە ئیدارەی ئەمریکی کرد ناستراتیژیەتێکی شەڕانی بگرێتە بەر بە ئامانجی زاڵبوون بەسـەر سـەرچاوەکانی پترۆڵ هەر ئەمەش وایکرد عێراق داگیربکات کە خاوەنی دووەم و سێیەمی نەوتە لە جیهاندا لە دوای شانشینی عەرەبی سعودی . وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە زاڵبوون بەسـەر سـەرچاوەکانی نەوتدا بۆ دڵنیا بوون لەبەردەوامی هاوردەی نەوت وەستا بەڵکوو پلان دادەنێت بۆ زاڵبوون بەسەر نرخی نەوتدا لە دوای ئەوەی ڕێخراوی ئۆپیک توانی ئەو ئیشە بەباشـی ئەنجام بدات بە تایبەت کە زیادبوونی نەوت یەک دۆلار دەکاتە زیادبوونی پارەدانی ئەمریکی بەبڕی ٤ملیار دۆلار ساڵانە.[٣٤]

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

٢٥/عەبدولمەجید نەعنەعی :س.پ، ل.١٣٧-١٣٩

٢٦/ڕۆبەرت جەی مەکمان :س.پ، ل.٢٠٦

٢٧/فضل الله قوڕەیشی :س.پ، ل.٢٤٦

٢٨/پ .سەعدی عوسمان :س.پ، ل.٣٥٩

٢٩/فرشـــته نورائی :مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ســیاســی ئەمریکا، و.هەورامان فەریق ،، چ٢، ٢٠١٣چاپخانەی تاران-ئێران
ل.١٥٥

٣٠/پ.سەعدی عوسمان :س.پ، ل.٣٥٩

٣١/محەمەد سەبری :گۆڤاری مێژوو، ژ.٢٤، س.پ، ل.٢٩١-٢٨٩

٣٢/عەبدولمەجید نەعنەعی :س.پ، ل.١٣٨

٣٣/ڕۆبەرت جەی مەکمان :س.پ، ل.٢٥

٣٤/فضل الله قوڕەیشی :س.پ، ل.٢٤٠-٢٤١-٢٥٥

## دەرئەنجام

ئەمریکا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا یەکێکە لە گەورەترین زلهێزەکانی جیهان بەهۆی ئەو سەرمایە و پێشکەوتنە گەورەی لە سەدەی پێشوو بەدەستیهێنا .لەم توێژینەوەدا باسمان لە ئەمریکا کردووە کە چۆن بووەتە زلهێزێک لە سەدەی بیستەم دا، وە لە ئەنجامی گەڕان و خوێندنەوەی کتێب و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە لەم توێژینەوەدا گەیشتم بە کۆمەڵێک دەرئەنجام.

بۆم دەرکەوت کە ئەمریکا لە وڵاتێکی داگیرکراو و سـادەوە بووە بە وڵاتێکی داگیرکەر و زلهێز کە ئەمانەش زیاتر لە کۆتایی سـەدەی نۆزدە و، هەروەها لە سـەدەی بیسـتەم بوو وە چەند هۆکارێک هەبوو کە وایکرد ببێتە زلهێز کە لەم توێژینەوەدا بە کورتی باسـم لە هەریەک لەو هۆکارانە کردووە کە کاریگەریان هەبووە لەسـەر ئەو گەورەبوونی ئەمریکا لەڕووی سـیاسـی و ئابووری و هتد ...

**لیستی سەرچاوەکان**

**(کتێب)**


پ.ی.د.ئاراس فەریق: مێژووی ئەمریکا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، ٢٠١١، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی

پ.ی.د ئاراس فەریق: مێژووی ئەمریکا، چاپی سێیەم، ٢٠١٩، چاپخانەی تاران

ئەحمەد نەقیب مێژووی دبلۆماسی و پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان :وەرگێڕانی مستەفا مەعروف، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی، دهۆک .

داڤید کیڵینگرەی: دوو جەنگی جیهانی، وەرگێڕانی ئاگری ئەفشین .،

ڕۆبەرت جەی مەکمان: جەنگی سارد، وەرگێڕانی شاناز ڕەمزی، ٢٠١٧

سامان حسێن: زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی تا کۆتایی جەنگی سارد، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، چاپخانەی موکریانی، هەولێر

پ .سەعدی عوسمان: مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چاپی یەکەم، ٢٠١٩، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر .

عەبدولمەجید نەعنەعی: مێژووی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی مستەفا سەعید عەلی، ب.ژ.چ، ٢٠١٢ ،چوارچرا .

د.عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی :مێژووی ئەمریکا، وەرگێڕانی محەمەد عەبدوڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

فرشتە نورائی: مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا، وەرگێڕانی هەورامان

فەریـــق، چـــاپـــی دووەم، ٢٠١٣، چـــاپـــخـــانەی تـــاران-ئـــێـــران.

فضل الله قوڕەیشی: مێژووی ئەمریکا، وەرگێڕانی عەلی حاجی زەڵمی، ب.ژ.چ، ب.س.چ .

## (گۆڤار)

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە سروود قادر :گۆڤاری مێژوو ، ژمارە١٢ ، ٢٠٠٩

دڵشاد مەحموود عەبدوولڕەحمان :وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ولیام مەکێنتلی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە ١٧، سالی پێنجەم، ٢٠١١

محەمەد سەبری :وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گۆڤاری مێژوو، وەرگێڕانی دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان، ژمارە٢٤، ساڵی شەشەم، ٢٠١٢

هیوا حەمید شەریف :پەیوەندی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و میسر ١٩٥٢-١٩٥٦ ، ژمارە ٢٠، ساڵی پێنجەم، ٢٠١١

دڵشاد مەحمود عەبدولڕەحمان :گۆڤاری مێژوو، ژمارە ١٧

شاکر ڕەزا :دزەکردنی دەسەڵاتی زلهێزەکان بۆ کوردستانی عوسمانی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، گۆڤاری مێژوو، ژمارە٢١،

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%DB%95%DA%95%DB%8C_%D8%B3%D8%A7%D8%B1%D8%AF

محەمەد ڕزگار :سایتی زانیاری، جەنگی سارد، ٢٠٢١/٧/١٧_ ٢٠٢١/١٢/٢٨، کۆدی بابەت ١٤٦٧
https://zaniary.com/blog/6009dbacdfa3a/%D8%AC%DB%95%D9%86%DA%AF%DB%8C-%D8%B3%D8%A7%D8%B1%D8%AF

# پاشکۆ

## وێنەی ویلیام مەکێنتلی



## نەخشەی جوگرافیای وڵاتی چین



**بۆردومانی ئەتۆمی هێرۆشـــیما و ناکازاکی هێرشـــێکی ئەتۆمیە لەلایەن ئەمریکاوە لە ســـاڵی١٩٤٥لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دژی ژاپۆن دەستیپێکردووە**



## وێنەی گەڕانەوەی سەربازانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانی دووەم





# نەخشەی کشتوکاڵی لە ناوچەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



## نەخشەی جوگرافیای  وڵاتی کوبا



# چەند وێنەیەک دەربارەی جەنگی جیهانی دووەم













# نەخشەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



## چەند وێنەیەک دەربارەی جەنگی جیهانی یەکەم





# نەخشەی پیشەسازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا



# نەخشەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

